# غازی یاوەر و دیموکراسی

## گۆران قەرەداغی

لە 5ی ئۆکتۆبەری 2004دا، تەلەڤیزیۆنی ( ئەلعەرەبیە ) دیمانەیەکی لەگەڵ سەرکۆماری کاتیی ئێراق ( غازی یاوەر )دا، ئەنجام دا. یاوەر لەو دیمانەیەدا، دەربارەی بزووتنەوەی ڕێفراندۆمی کوردستان، ڕێپێوانەکانی جەماوەرانی کورد لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستان، فەرمووی:

" باسکردنی جیابوونەوە قەبوڵناکەین، چونکە جیابوونەوە لە ئێراق خەیانەتە، ڕاستە ئێمە بڕوامان بە دیموکراسی و مافی ئازادی دەربڕین و فیدرالی هەیە، بەڵام هەرگیز بە جیابوونەوە قایلنابین و بە هەموو هێزمانەوە شەڕی جوداخوازان دەکەین".

دەک ڕۆحت شاد جەنابی سەرکۆماری کاتیی ئێراقی نوێی پلۆرالیست و دیموکرات!!

کاکی یار و یاوەر... کورد قسەیەکی نەستەقی هەیە، لە بۆنەیەکدا دەکرێ کە مرۆ چاوەڕوانی کارێکی باش بێت لە کەسێک و ئەو تەنیا خراپەی لەدەست بێ، قسەکە دەڵێ: " کێوەکە زا، مشکێکی لێکەوتەوە". من نازانم جەنابت کە جەخت لە بڕوابوونت بە دیموکراسی دەکەیت، لە چی سۆنگەیەکەوەیە؟ لە سۆنگەی حوکمڕانە پێشینەکانی ئێراق و شێوازی دیموکراسیی وڵاتە عەرەبییەکانەوەیە، یان ئەو دیموکراسییە نوێیەی کە لە سۆڤیێتی کۆنی فەرەنەتەوە و نیشتمان لێکچووەکانیدا، کە پەچەی لە ڕووی گەندەڵی و کەڵەکچێتیی "بالۆرەی پێکەوەژیان و برایەتی و بەرابەریی نێوان میللەتانی سەردەست و بندەست" هەڵماڵی و بۆ هەموو دونیای سەلماند کە هەرگیز (براگەورە و برابچووک) لەو هەلومەرجانەدا، پێکەوە هەڵناکەن.

مرۆی دیموکرات نە هەڕەشە دەکات، نە بۆخۆی خواست و چارەنووسی کەسانی دی دیاری دەکات. چەند سەردێنم و دەبەم، ئەو مۆدێلە دیموکراسییە، لە هیچ کوێیەک شکنابەم و نابینمەوە، مەگەر لای سیستەمەکەی سەددام و نموونەکانی وەک ئەو. ڕاگەیاندنە تەلەڤزیۆنییەکەی جەنابتان، مەسەلەی دوو ڕاوچییە شەریکەکەی وەبیرهێنامەوە کە سوێسکەیەک و قوڵتەیەک دەگرن، یەک لە ڕاوچییەکان بەهێزتر و بە خۆوەتر دەبێت، بە لاوازەکە دەڵێت: "ئێمە شەریکین و نێچیرەکانمان وەک یەک نین، خۆت دەکەم بە سەرپشک، قوڵتەت دەوێ، فەرموو ئەوە قوڵتە، سوێسکەشت دەوێ، فەرموو ئەوە هەر قوڵتە."

جا ئەگەر مانەوەی کورد لە چوارچێوەی ئێراقێکی پلۆرالیست و فیدرالیشدا، کە هێشتا کەس نازانێ چییە، تەنانەت بۆ سەرکردەکانیشمان ئاشکرا نییە چۆنچۆنی دەبێت و کوێ دەگرێتەوە و کوێ ناگرێتەوە، چارەسەرێکی پڕ بە پێستی ئەم بارودۆخە بێت، نابێ... هەر نەبێ، بۆ دڵنیابوونی ئێوەش

و سەرانی خۆشمان، راپرسێک بە کورد بکرێت؟ ئەگەر نا، ئەوا هەر لە ئێستاوە ئێراقە نویٚ و پلۆرالیست و دیموکراتەکەتان فت. قوڵتەکەش و سوێسکەکەش هەر بۆ خۆتان.

جەنابی سەرەک یاوەر... من نازانم جەنابتان لە ئەیلولی 1961 وە و لە تەمموزی 1968 ەوە لە کویٚ بوون و چی کارە بوون، یان هەڵوێستان چی بووە، وەلیٚ وێنادەکەم ئاگاداری بارودۆخی ئێراق و کوردستان بووبن و بزانن...کە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێراق لە 1958 ەوە تا 1968 و دواتریش، چییان لە کوردستان کرد، چیشیان بەسەر ئێراق و ناوچەکە و خودی خۆیشیاندا هێنا.

دیسان وێنادەکەم کە زانیاری تەواویشت لەمەڕ چۆنێتیی دەستکردێتی بونیاتنانی دەوڵەتی ئێراق، لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەمەم، هەبێت، ئاخر لەو دەمەدا، ئیمپریالیستەکان بێشەرمانە، دەستی ئێمەی کوردیان کرد بە زاخدا و شەرعییەتی پەیمانی (سیڤەر)یان راگرت. بیٚ رەزامەندیمان، لە ئێراقێکی "پیرۆز"دا کردینیانە کۆیلەی پێشینەکانتان، ئەوەتا تا ئێستاش هەر بە کۆیلەیەتیتان ماوینەتەوە، دەنا بۆ دەبیٚ ئیوە چارەنووسی نەتەوەیەکی بە مانای وشە نەتەوە و خاوەن نیشتمانی خۆی دیاری بکەن؟ بەڵام هەنووکە ئەگەر ئەنگۆ و برایانی هاوکارتان بڕواتان بە دیموکراسی هەیە، ئەگەر ناخوازن دەستکردێتی ئێراقی 83 ساڵی بەر لە ئێستا دووبارە ببێتەوە، ئەگەر ناخوازن مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە و کوردیش باجە هەرە سەختەکەی بدات، ئەوە ئەرز و ئەوە گەز، پرسێک بە کورد خۆی بکەن، تا بزانن کورد کۆیلەیەتی، برایەتی یان دراوسێیەتیتانی گەرەگە. ئەگەر ئەم راپرسییەش لە رۆحی شادی دیموکراسیتاندا جێی نابێتەوە، ئەوا پێویست ناکات چی دی خۆتان بە دەستەواژەی دیموکراتیانە و پلۆرالیستیانەی قەشەنگ و رەنگاوڕەنگەوە سغڵەت بکەن. ئەمڕۆ خەڵکی کاغەزی سپیش دەخوێندنەوە، لە جێگەکەی کابرا دانیشە و تیژ لێخوڕە، وا بزانە، نە ئینەرنێت و گلۆبالیزم پەیدابوون، نە سیستەمی جیهانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.